# ناسنامەی ئەخلاق و سەربەخۆیی کەسیەتی

ن: ریچارد رۆرتی
و: دلاوەر رەحیمی

«وینس ان دیکۆمب» دەریخستووە، کە هەوڵ بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لە کارەکانی «میشێل فۆکۆ» بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ دوو فۆکۆ رووبەڕوو ببینەوە: فۆکۆی ئەمریکایی و فۆکۆی فەرەنسایی. فۆکۆی ئەمریکایی «بەشوێن ئەوەوە بووە تاوەکو خودباوەڕی و سەربەخۆیی بەگوێرەی ناوەڕۆکی روونی مرۆڤ پێناسە بکات» بێ ئەوەی بەیاسایەکی گشتییەوە ببەسترێتەوە. دەکرێ بەهەوڵێکی کەم ئەم فۆکۆیە بەکۆپی ئەمڕۆیی «جان داڤید»[1] دابنێین. داڤید فەیلەسوفێک بوو کە گوتی: دیموکراسە لیبراڵەکان باشتر کاری خۆیان دەکەن، ئەگەر لە هەوڵدان بۆ لەدەستدانی خودی ئاڕاستە گیریی گشتی خوازانە بوەستنەوەو دەست هەڵگرن لە چەمکەکانی وەک «عەقڵانیەت» و «سروشتی

مرۆیی» بەڵام لە جێگەی ئەوە خۆیان بەدەزگایەک بزانن کە بەئاسانی موژدەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان ئەدەن.

بەڵام بەهەمان شێوە کە دیکۆمب دەڵێ: فۆکۆی ئەمریکایی فۆکۆیەکە، نیچەگەرایی تیایدا کاڵ بوەتەوە. فۆکۆی فەرەنسایی فۆکۆیەکە بەتەواوی نیچەییە. دیکۆمب لەو بڕوایەدایە کە لە تێڕوانینی ئەم فۆکۆیە، پرۆژەی خودباوەڕی و سەربەخۆیی، خوازیارە کە کەلکەڵەی «بیرکردنەوەی نامرۆڤانە» مان لەسەردابێ و هیچ نیگەرانییەک لە بارەی شەریک دانانی باوەڕەکانمان لەگەڵ هاوچەشنەکانی دیکەمان نەخەینە دڵمانەوە.(٢) تا ئەو ئاستەی کە فۆکۆی فەرەنسایی دەرگیری سیاسەت بێت ئەم سیاسەتە ئانارشیتسییە نەک لیبرالی.

من لەو بڕوایەدام ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی کە دیکۆمب بەرپای دەکا، پەنجە دەخاتە سەر کێشەی ڕاستەقینەی نێوان ئەنگیزە ئاڵۆزو تێکەڵاوەکانی فۆکۆ. ئەم کێشەیە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیری ڕۆمانتیکە، کە لە هەمان کاتدا هاوڵاتییەکی کۆمەڵگای دیموکراتیە. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە ناسنامەی ئەخلاقی خۆی یانی مانای پێوەندی خۆی لەگەڵ زۆرێک لە مرۆڤەکانی دیکە – لەو دامەزراوە دیموکراتیانە دەبینێتەوە کە لە ناویاندا دەژیت. بەڵام ئەم ڕۆشنبیرە لەو بڕوایەدا نییە کە ناسنامە ئەخلاقییەکەی بەشێوەیەکی تەواوەتی، گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. لەبەرئەوەی کە گومان لەوە ناکا، ڕەفتارەکەی لەگەڵ خەڵکی دیکە گرنگترین شتە لە بارەی خودی خۆیەتی. ئەوەی گرنگە (rappotasoi) ئەوە (یانی پێوەندی ئەوە لەگەڵ خۆی) گەڕان و توێژینەوەی تایبەتی ئەوە بۆگەیشتن بەسەربەخۆیی و خودباوەڕی، خۆبواردنی ئەوە لەگەڵ وشەکان بەشێوەیەکی تەواوەتی وەسف بکرێ کە هەموو کەسێک دەگرێتەوە تەنیا خۆی نەبێت. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەوگەڕانێکە کە لەم وتەیەی بلیکدا کورت بووەتەوە «من یان دەبێت سیستەمی خۆم دروست بکەم، یان دیلی سیستەمی کەسێکی دیکە بم».

بلیک و بۆدلێر، نیچەو هایدگەر، لەم نیازە شەریکن کە (خود)ێکیان هەبێت، سەربەخۆو خودباوەڕ، بەم مانایە کە خود – خوڵقاندبێتی بەقسەی دیکۆمب، مرۆڤ بۆ خوڵقاندنی خودی عەقڵ دەبێ «بیرکردنەوەی نامرۆڤانەی» لە (سەر)دا هەبێ، بەم مانایە کە مرۆڤ دەبێت خاوەنی بیرکردنەوەیەک بێت کە کەس تائێستا بەبیریدا نەهاتبێت– کتێب گەلێک بنووسێ کە لەهیچ کام لەو کتێبانە نەچێ کە تائێستا نووسراون. بەم پێیە پێویستە مرۆڤ ئەو پێوەندیە بپچڕێنێ کە وشەکانی (Roco buearg) خۆی لەگەڵ ئەو وشانە بەیەکەوە دەلکێنێ کە مرۆڤ تا هەنووکە بەکاری هێناون.

بەڵام پچڕاندنی ئەم پێوەندیانە بەزەروورەت، بەماناکانی، بەمانای پچڕانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، کە بەمەبەستی کرداری گشتی و هاوبەش، مرۆڤ لەگەڵ هاولاتییەکانی دیکە یەکدەخا. ئەمە بەو مانایەش نییە کە مرۆڤ بەنیازی پاک بۆ ئارمانجە گشتییەکان کەڵک لە وشە سیاسیەکان وەرنەگرێت کە کۆی هاولاتییەکانی سودی لێوەردەگرن رێک بەهەمان شێوە کە شاسواری ئیمانی کێرکیگۆرد، وەک کارمەندی بانکەو لەکارە گشتییەکاندا وەک ئەو کاردەکات. رۆشنبیری رۆمانتیکیش دەتوانێ بۆ ئامانجی گشتی هەمان بۆرژوای لیبراڵی ئاسایی بێت. تەنیا ئەو کاتەی کە رۆشنبیری رۆمانتیک دەست بەوە دەکا کە خودی تایبەتمەندی خۆی بۆ ئەوانی دیکە ببێتەوە نموونەیەکی وێناکراو. ئامانجە سیاسییەکەی دەبێتە دژی لیبراڵەکانی. تەنیا کاتێ کە دەست بەوە دەکا کە بیر بکاتەوە کە مرۆڤەکانی دیکە ئەرکێکی ئەخلاقیان لە ئەستۆیە تاوەکو دەستیان بگاتە هەمان سەربەخۆی و خودباوەڕی دەرونی کە خودی ئەو دەستی پێی راگەشتووە، ئەوکاتەیە کە دەست پێ دەکا تاوەکو لە بارەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بیربکاتەوە تا کۆمەکی مرۆڤەکان بکا کە بەم شێوەیە بکەن. ئینجا

لەو بارەیەوە بیربکاتەوە کە ئەرکێکی ئەخلاقی لە ئەستۆیە، کە دەبێتە هۆی ئەم گۆڕانکاریانە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هاوڵاتییەکانی ئەوانەیان دەوێت یان نایانەوێت.

فۆکۆ، زۆربەی کات «شاسواری سەربەخۆیی و خودباوەڕییە». ئەو دەیەوێت ئەوەندە خودی خۆی بخولقێنێ کە نیچە خولقاندبووی، بەڵام ئەم بەپێچەوانەی نیچەوە هیچ کەسێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هاننادات. فۆکۆ، وا گومان ناکا کە مرۆڤ بەگشتی ئەرکێکی ئەخلاقیان لە ئەستۆیە کە خۆیان خولقێنەرانی چەشنی بۆدلێرو نیچە بن. ئەو سیاسەتێک لەبەرچاو ناگرێ کە بتوانێ کۆمەکی مرۆڤ بکا- یان ناچاریان بکا - تا سەربەخۆترو بروادارتر بن. وەک لیبراڵێکی باش دەیەوێت خەڵکی وەک خۆیان بهێڵێتەوە تاوەکو ئەگەر دەیانەوێت خۆیان خولقێنەر یان وێرانکەربن. ئەو لە چاوپێکەتنێکدا وتی: «گەڕان بۆ شێوازێک لە ئەخلاق بەو مانایە کە لەلایەن هەمووانەوە جێگەی قبوڵ کردن بێت و هەمووان پەیڕەوی لێبکەن بەبڕوای من کارەساتە»[٣] زۆربەی کات، تاکە سیاسەتی ئەو بریتی بوو لە هەمان هەوڵی ستانداردی لیبراڵی لەسەر رەواندنەوەی ئازاری ئارەزووری.

هەڵبەتە، تەنیا لە زۆربەی کات. فۆکۆ لە کاتەکانی دیکە ناسنامەی ئەخلاقی تایبەتی و ئەخلاقی گشتی - یانی ئامانجی خود لە لێپرسراویەتی خود لە بەرانبەر ئەوانی دیکە و (Rapport asai) خود (پێوەندی لەگەڵ خۆی) لەناو یەکدا دەبرێت. لەم کاتانەدا ئەو وەکو نیچە گەڕان و توێژینەوەی خود بۆ سەربەخۆیی و خودباوەڕی بۆ فەزای گشتی فراوان دەکاتەوە. بەر ئەنجامی کار، هەم لە بارەی فۆکۆوە هەم لە بارەی نیچەوە، خراپ لە ئاو دەردێت.

ئەم کاتانە هەمان ئەو کاتانەیە کە فۆکۆ چەند بڕگەیەک دەنووسێ و ستایشکارە ئەمریکاییەکانی پەرێشان دەکا. بۆ نموونە «من لەو بڕوایەدام کە بەخەیاڵی چوونە

ناو سیستەمێکی دیکە مانای فراوانکردنی بەشداریکردنی ئێمەیە لە سیستەمی هەنووکەدا»[٤] ئەمە لەو برگانەیە کە مایکل والْترز لە بارەیانەوە دەنووسێ: «بەرجەستە بوونی ئاشکرایی سیستەمی دیسپلین جێگەی خۆی بەسیاسەتی دژە دیسپلینی دەدات کە زۆربەی ووشەو ئەداو شێوازەکان شان بەشانی ئەدا»[٥] بەلاّم ئەمانە هەمان ئەو برگە «ئەنارشیستی»یانەن کە وا دبێتە بەرچاو ستاشکارە فەرانساییەکانی، بەهەموو جۆرێک ئەوانەیان خۆش بووێت.

ئێمەی لیبرالّەکان لە وولایەتە یەکگرتووەکان ئارەزوو دەکەین کە فۆکۆ تەنیا بۆ جارێکیش بیتانیبایە لە بەرانبەر ئەو شتە خۆی پر چەک بکا کەوالْترز بەدروستی دەیلێت هەمیشە دژایەتی کردووە «جۆرێک هەلْسەنگاندنی پۆزەیتیڤی لە دەولّەتی لیبرالّی»، هاویارانی ئێمە لە کەنەدا و ئەلّمانیاش ئەو ئارەزوویان هەیە. هابرماس لەگەلّ چارلز تیلۆر لەسەر «تاک رەهەندبوونی سەرسوورهێنەری» فۆکۆ هاوکۆک دەبێت کاتێ کە دەلّێت، مێژوونووسینی فۆکۆ لە فۆرمۆلەکردنی دەسەلاّت کە زەینیەتی مۆدێرنەیان لە چوارچێوە داوە «سەرجەم ئەو رەهەندانەی لادەبات کە لە سایەی ئەوانەوە ئیروتیزەکران و بە دەروونی کردنی کەلتووری زەینی، لە هەمان کاتدا دەسکەوتێ بوون لە بواری ئازادی رادەربریندا»[٦]

ئێمە لە دەربرینەکانی فۆکۆ ئەو گۆرانکارییانەی کە لەپێکهات و بنەما کۆمەلاّیەتییەکانی ئەوروپایی لە ماوەی سێ سەدەی دواییدا هاتوونەتە ئارا، ئەوە نابینین کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە تا چ رادەیەکی زۆر لە رەنجی خەلّک کەم بووەتەوە، تا چ رادەیەکی زۆر لەسەر توانستی خەلّک لەکاروبارو هەلّبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیان زیادبووە.

کەواتە والْترز، تیلۆرو هابرماس و من، هەست بەهەمان کاردانەوە دوولایەنەیە دەکەین لە بەرانبەر فۆکۆ، لەلایەکەوە ستایشی دەکەین و سوپاسگوزەری ئەوین،

لەبەرئەوەی کە فۆکۆ بەشێکی نوێی ئەو مەترسیانەی کە رووبەرووی کۆمەڵگە دیموکراتەکانن، بەرجەستەو ئاشکرای کردنەو لەگەڵ گوێبیست کردنی مەیل و ئەو نموونانەی کە ئەو کۆمەڵگانە دەبوایە دەربارەیان وریابن، خزمەتی کردن بەهەمان شێوە کە تیلۆر بەدروستی دەیلێ: دەکرێ هابرمارس لەگەڵی هاودەنگ بێت– فۆکۆ «راڤەکردنێکی لە بارەی پێوەندی دەروونی نێوان زاڵ بوونی بەسەر سروشت. و زاڵ بوون بەسەر مرۆڤی خستە بەردەستی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە زۆر رونترو پەسەندتربوو لەو روونکردنەوەو راڤەکردنانەی کە خودی قوتابخانەی فرانکفۆرت فەراهەمیان کردبوو»(٧) لەلایەکی دیکەوە، ئێمەی لیبراڵە ریفۆرمیست خوازەکان وابیر دەکەینەوە کە کارەکانی فۆکۆ دووچاری داوی تەمومژاوی ئیفلیج کەربووە لە بارەی (دەسەلات)ەوە.

فۆکۆ لەلایەکەوە، دەسەلات بەزاراوەیەکی دزێو و گاڵتە ئامێزانە دەزانێ و لەلایەکی دیکەوە، بەزاراوەیەکی دەوڵەمەندو وەسف کردەنی دادەنێ. دووبارە بەوەرگرتنی وتەیەکی تیلۆر دەڵێین: کە لە مانای یەکەم (دەسەلات) پێوەندی بەقەڵەمڕەوی مانایەکەوە هەیە کە تیایدا ناکرێ «هەقیقەت» و «ئازادی» دەرهاوێژرێ. ئەم دەستەواژەیە لە مانای دووەم، بەشێوەیەک بێ ناوەڕۆکە، کە نیچە لە خراپترین شێوەی بە «ویستی وابەستە بەدەسەلات» ناوی نا. لەم مانا فراوان و بەتاڵەدا، هەر خوێندنەوەیەک لە بارەی هەر شتێ (پێوەندی کیمیایی، یان ماتماتیک، گەمەی شەترەنج، دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان) بەهەمان ئەندازە دەبێت خوێندنەوەیەک لە بارەی (ستراتیژەکانی دەسەلات)، کە خوێندنەوە بێ لە بارەی (سوود وەرگرتن لە توانا بونیادییەکان). هەردوو زاراوەکە قەڕەباڵغن، تەنیا لەبەر ئەوەی بەتاڵن.

کاتێ کە بیرمەندێکی پلەیەک لە بارەی زاراوەیەکی زۆر گرنگەوە دەکەوێتە تەمومژەوە، کە لە نێوان مانای گاڵتە ئامێزو مانای قوڵ و دەوڵەمەندەکەیەوە هەیە،

ئیتر ئێمە بەڵگەیەکمان لەبەر دەستە کە گومان بکەین ئەو دەیەوێ بەیەک دەست دوو شوتی هەڵبگرێ. فۆکۆ هەوڵدەدات خزمەتی ئازادی مرۆڤ بکات.

بەڵام لە هەمان کات لایەنی (سەربەخۆیی کەسایەتی)یش وەرگرێ و هەوڵدەدات کە لە بەرانبەر مرۆڤ و مێژوو، بێگانەیەکی بێ ناوو بێ بنەماو بێ شوێن بێت. فۆکۆ وەک هاولاتیەک هەوڵدەدا تا دەستی بگاتە هەمان دەرئەنجامی سیاسی کە تاکی بۆرژوازی لیبراڵ و هێومانیستێکی باش لە ئارەزووی وەدەست هێنانیەتی. بەڵام وەک فەیلەسوف هەوڵ دەدات تاوەکو خۆی دروست بکا (invent) و بخوڵقێنێ، دووبارە بەوتەی تیلۆر دەتوانین بڵێین، ئەو دەیەوێت «سەرجەم تڕادیسیۆنی دەرونگەرایی ئۆگسیۆنی بخاتە لاوە»[٨] ئەم تڕادیسیۆنە لەسەر ئەوەیە، کە قوڵترین ناسنامەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانیدیکەی هاوجۆری خۆی دەبەستێتەوەو هەروەها ئەوەی کە شتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو مرۆڤەکان هەیەو گەشتن بەم توخمە هاوبەشە، واتە گەشتن بەخودو نەفسی واقیعی و خودی مرۆڤ. فۆکۆیەک کە من تێی دەگەم، دەیەوێت لەگەڵ هاو جۆرەکانی چاکە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی شوناسێک بێت کە هیچ پێوەندیێکی بەوانەوە نەبێت. ئەو دەیەوێت کۆمەک بەخەڵک بکا بێ ئەوەی زمان و واژەکانی ئەوان بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆی هەڵبژێرێ. ئەو دەیەوێ هاوکاریان بکاو لە هەمانکاتدا، (خود)ێک بۆ خۆی دروست بکا کە هاوبەشێکی وەهای لەگەڵ (خود)ی کەسانی دیکە نەبێت یان لانی کەم خاڵگەلی هاوبەشی شیاوی هەبێت.

بۆچوونی خودی من ئەوەیە کە ئەم رۆڵە (کارە)، رۆڵێکە کردەنی بەڵام زۆر دژوار، واتە ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ هەردوو کارەکە ئەنجام بدا کە فۆکۆ هەوڵ دەدات ئەنجامی بدات، مرۆڤ دەتوانێ ببێتە «شاسواری سەربەخۆیی و خودئاییینی». من ئارەزووم دەکرد کە فۆکۆ زیاتر بەشوێن ئەوەوە بوایە کە ئەم دوو رۆڵەی خۆی لە

یەکتـر جـیـابکاتەوە – پتـر لـەوە ناسنامـەی ئـەخـلاقی خـۆی وەک هـاولاتیـەک لە توێژینەوەی خود بۆ گەشتن بەسەربەخۆیی جیابکاتەوە. بەم شێوەیە، ئەو دەیتوانێ لە بەرانبـەر ئەو دڵەڕاوکـێیـە بوەسـتێ کـە نیـچـەو هـایدگـەر تەسلیـمی بوون – واتە دڵەڕاوکێی تەقەلا بۆ بەدەست هێنانی هاوتاو هاودەمێکی گشتی و سیاسی بۆ ئەم توێژینەوە شەخسی و تایبەتە.

وای بۆ دەچم کـە ئـەمـە هـەمـان ئـەو دڵەڕاوکـێیـە بوو کـە ئەوی بـۆ لای شـێـوە ئانارشیستە تایبەتەکەی خودی خۆی بردو ئەوی بۆ دوورخستنەوەی «هاودەستی» لەگەڵ «دەسـەلات» ڕێنوێنی کـرد، تەنانەت کاتێ کـە زاراوەی دەسـەلات بەشـێوەیەک کێشی سـەندبوو کە هـەمـوو جۆرە هێـزێکی دژو پێچـەوانەی لە دەستداو پوک و بەتاڵ بووەوە پێم وابێ، ئەم ئانارشـیسـتـە ئـەنجـامی تەقـەلایەکی لار ڕۆیشـتـوویەکـە، بۆ خـستنەڕووی کۆمـەڵگایەکی ڕەهـاو ئازاد لە کـۆت و بەندی ڕابردووی مـێژووەکـەی، هەمـان ئەندازەکـە کەرۆشنبیـری ڕۆمـانتیکیش ئارەزوو دەکا کـە لە کـۆت و بەندی ڕابردووە تایبەتەکەی ڕەهاو ئازاد بێ.

بەبۆچوونی من، ئامـانجی ڕۆشنبیـری ڕۆمـانتیک بۆ زاڵ بوون بـەسـەر خـود (Self. overcoming) و دروستکردنی خـود (sel f - inontio) نموونەیەکی باشـە (لەنێو نموونە باشـەکانی دیکە) بۆ تـاک، بەلام نموونەیەکی زۆر خراپە بۆ کۆمـەڵگا. نەدەبوایە هـەوڵ بدەین تاوەکو هـاوتاو هـاوشوێنێکی کۆمەلایەتی بۆ ئارەزووی گەشتن بەسـەربەخۆیی و خـــود باوەڕی ببـــینینـەوە. هـەوڵ بـۆ ئەنجـــامی ئـەم کـــارە دەگـــاتـە خـــەیاڵە بـێ سـەروبەرەکـانی وەک (هیـتلـەرو مـائۆ)) بۆ (خـولْقـاندنی جـۆرێکی نوێ لەمـرۆڤ) کۆمـەڵگاکـان وەک تاکەکـان نین، ئەوان (لە گرنگترین شـێوەی لیبـراڵی و کۆمـەلایەتی دیموکـراتی خـۆیان) دەرەنجـامی لێکبـوردن و ئاشـتی و پێکەوە هەڵکردنی نێـوان

تاکەکانن. ئامانجی کۆمەڵگای لیبراڵ بونیاتنان یا خولقاندنی شتێک نییە، بەڵکو تا ئەو شوێنەی کە شیاوە مەیسەرکردنی ئەم ئیمکانەیە بەئاسانترین شێوە بەبێ ئەوەی کە خەڵکی ئازاری یەکتر بدەن، دەستیان بگاتە ئامانجە تایبەتە جیاوازەکانیان. بۆ دارشتنی گەلاڵەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەو بەشۆکانەی ئاشتی و پێکەوە ژیانەی کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەگۆڕێن بەگشتی گوتاری سیاسی ئەو کۆمەڵگایە پێک دەهێنن، نیازمەندی واژەگەلی هاوبەش و گشتیە ئەخلاقییەکانین. ئەو واژانەی کە نەپێوەندی بەتێڕوانینی ئەو خودە تایبەتەی تاکێکەوە هەیەو نەپێوەنی بەتێڕوانین لە خودی تاکێکی دیکە لە کۆمەڵگای لیبراڵ، مەرج نییە بەرخوردە گشتییەکانی ئێمە لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکە. رۆمانتیکی یان داهێنراوبن، ئەگەرەکە لەسەر ئەوەیە ئەوان تێگەیشتنیان لە ئاستی کارەکانی رۆژانەی بازاڕ یان دادگای هەبێت، ئاشتی و پێکەو هەڵکردن و لێکبوردنە گشتییەکان نیازمەندی گوتارێکی پێکهاتوو لە واژە گشتی و هاوبەشەکانە چاوەڕوان دەکرێ ئەو چەمکانە بەشێوەیەک ناسنامە ئەو ئەخلاقیەکان وەسف بکەن، کە کۆمەڵگای لیبراڵ دەیەوێ ئەندامەکانی خاوەنی بن. داوایان لێ دەکرێ سەرەڕای هەر جۆرە ناسنامەیەکی دیکەو تایبەت پێویستە بۆ ئامانجی گشتی ئەم جۆرە ناسنامە ئەخلاقیانەیان هەبێت. تەنیا کاتێ کە مرۆڤ لە جیاکردنەوەی کۆنترۆڵی گشتی و کۆنترۆڵی تایبەتی سەرپێچی بکات، دەکرێ بوترێ کە لە خەونی کۆمەڵگایەکە، کە لە دیموکراسی کۆمەڵایەتی سەروتر رۆشتووەو یان ئەوەیە کە لە خەونی (شۆڕشی تەواو) دایە، تەنیا لەم کاتەیە کە ئانارشیسم سەرنج راکێش دێتە بەرچاو، هەروەها مرۆڤ دووچاری دڵەڕاوکێی دەبێ، کە زاراوەیەکی گاڵتە ئامێزی وەک «دەسەڵات» بۆ وەسفکردنی دەرئەنجامی هەر ئاشتی و سازش و لێکبوردنێکی کۆمەڵایەتی و هەوکردەیەکی هاوئاست کردنی سیاسەت بەکار ببات.

هەوڵدان بۆ لەبەرچاونەگرتنی جیاوازی نێوان کۆنترۆڵی تایبەتی و کۆنترۆڵی گشتی، تایبەتمەندی یەکێ لە ترادیسیۆنە کۆنەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیە. ئەم ترادیسیۆنە، هەمان ترادیسیۆنە کە بەهەوڵی ئەفلاتون کۆمەڵگا بەمرۆڤ لە رەهەندی گەورە تەسەور دەکا، زۆربەی ئەو فەیلەسووفانەی کە بەشێک لە یارانی ئەم نەریتەن، هەوڵ دەدەن تا چەند ناوەندی مەرکەزی و نامێژووی و نارۆداوی وەک (عەقڵ) یان (ئەنگیزەی ئەخلاقی تایبەت) لە دەروونی ئێمە جیابکەنەوە هەروەها لە بوونی ئەم توخمە لە دەروونی ئێمە بەناوی ئاراستەیەک بۆ رێکخستنی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تایبەت سود وەرگرن. فۆکۆ ئەم هەوڵە تاوتوێ دەکا. لەبەرئەوەی فۆکۆ زەینیەتی مرۆڤ بەبەرهەمی هێزی هەنووکەیی بابەتی دەزانێ. ئەو بڕوای بەوە نییە کە شتێک وەک ناوەندی نامێژوویی و روونەدراو لە ئارادا بێ، بەم پێیە، ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی – لانی کەم لە رۆژانی ئانارشیستی خۆی- کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکسانی ئاراستە وەرناگرتن و لەیەک پلەدان، هەموو ئەوانە (دەسەڵاتێکی نۆرماڵ ساز) پراکتیزە دەکەن. لە نوشستی تەقەلای ئەفلاتونی بۆ دۆزینەوەی شتێکی قووڵ لە دەروونی ئێمە کە رێگەمان پێی بدات، وەڵامی (تراسیما خۆس) بدەینەوە، ئەو لەو ئەنجامە نزیک دەبێتەوە کە جیاوازییەکی سەرنج راکێش لە نێوان پریکلس و کریتیاس لە ئارادا نییە.

واتێدەگەم ئێمە دەبوایە ئەو گریمانەیە ئازاد بکەین کە ئەفلاتون و فۆکۆ لە خستنەڕوویدا هاوبەشن. ئەم گریمانەیە دەربڕی ئەوەیە ئەگەر لە نێوان ئەو شتانەی بۆ تاک زۆترین بایەخیان هەیە لە پاڵ ئەو پەیمان و بەڵێنە ئەخلاقییانەی وی بۆ هاوجۆرەکانی، هەندێ پێوەندی سەرنج راکێش هەبن، دەتوانین بڵێین کەئەو پەیمانێکی لەو شێوەیەی نییە، ئەگەر واز لەو گریمانەیە بێنین دەتوانین بڵێین کە

ڕۆشنبیرانی ڕۆمانتیک و سۆفیەکان و فیتیشیستە جنسیەکان و ئەو کەسانەی کە خودی تایبەتیان پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خودی گشتی ئەواندا نییە، دارای هەمان ئەو پەیمانە ئەخلاقیانەن کە ئەوانی دیکە هەیانە. ناتوانرێ هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفی قوڵ بخرێتەڕوو تا ئەم واقعیەتە روون بکاتەوە کە ئەوان ئەو شێوە پەیمانەیان هەیە، کەواتە هەرگیز ناتوانرێ وەڵامی تراسیما خۆس بدرێتەوە کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندی ئەفلاتون. بەڵام نەبوونی توانایەک بۆ وەڵامدانەوە بەتراسیما خۆس دارای هیچ جۆرە ئەنجامێکی سیاسی نییە، واتە هەمان ئەو ئەنجامانەی کە هەندێ کات نیچەو فۆکۆ دەیانەوێ پێی بگەن. دەرئەنجامێ لە زەینیەتی بێ ناوەند، یانی هەمان دەرەنجامە کە فۆکۆو داڤید تیایدا لەگەڵ نیچە هاوبەشن لەگەڵ هەموو جۆرە سیاسەتێک لەوانە سیاسەتی لیبراڵ هاوئاهەنگە.

بەبۆچوونی من، فراوانکردنەوەی خواستی سەربەخۆیی و خودباوەڕی لە سیاسەت لەلای فۆکۆ بەپێچەوانەی ئەو جەختکردنانەیە کە هاوکاری لیبرالی من (هابمارس) لەسەر چەمکگەلی وەک (عەقڵانیەت) و (خودی واقیعی) دایدەنێ. هابرماس دەیەوێت پەیمانی ئەخلاقی واتە پێکهاتە سیاسیەکان لەسەر بونیادی شتێ کە لەرێگەی مرۆڤایەتی گشتگیربێ، راوەستێنێ. بەپێچەوانەوە ریشەیی دژە ئەفلاتونی فۆکۆ ئەو بەلایەک دەبا کە لە بێ بونیادی و نیازنەبوون بەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بگاتە ئەنجام، هەر ئەم سەرچاوەیە، کە فۆکۆ بەرەو لای ئانارشیست دەبا. بەباشی دەزانم کە جیاوازی نێوان فۆکۆ و رەخنەگرانی لیبراڵی ئەو، بەم خاڵە بخەمەڕوو کە نیچە و فۆکۆ لە دژایەتی ئەفلاتون لەسەر هەقن، بەڵام ئەم دژە ئەفلاتونگەراییە کاری بەکاری نیشاندانی عەیب و کەم و کوڕیەکانی کۆمەڵگا لیبراڵەکانەوە نییە. بەشێوەیەکی گشتی تر، ئەم دژە ئەفلاتونگەراییە کاری بەکاری

نیشاندەانی عەیب و کەموکوڕی هەر کەناڵێک لە (دەسەڵات)ەوە نییە، ئەو کەناڵانەی کە جێگەی مەبەستن هەتا خەڵکی تاک وارێک بخەن کە خاوەن لێپرسراویەتی ئەخلاقی بن.

من بەپێچەوانە هابرماسەوە وا بیرناکەمەوە کە فۆکۆ مەبەستێکی هەبێت لە وەڵامدانەوە بەتۆمەتبارکردنی «ڕێژەگەرایی». ئەو ناچار نییە وەڵامی پرسیارە سوکراتیەکانی وەک «بۆچی دەبێ لە بەرانبەر دەسەڵات بوەستین؟ «بداتەوە. ئەگەر کەسانێکی وەک داڤیدو فۆکۆ بیانەوێت ئومێد بەگشتیگەرایی کەم کەنەوە، دەتوانن ترس لە ڕێژەگەرایش برەوێننەوە، من لەگەڵ (یان هەوکینگ) هاوڕام کە «زۆری پێ ناچێ بانگەوازە توندەکانی ڕۆشنبیران لە بارەی فۆکۆوە (کە دەپرسن هەڵوێست چییە؟) سەرسووڕهێنەر دەبن و دەبنە هەراو هۆریای خەڵکی ڕەمەکی دانیشتوانی ئەدینبۆر کە لە (هیوم)یان دەپرسی «ئایا تۆبەت کردووە دەستت لە ئیلهام هەڵگرتووە»[٩] من پێم وایە کە فۆک دەبوایە بۆ پرسیارەکانی وەک «هەڵوێستت چییە؟ بەهاکانت کامانەن؟» بەم شێوەیە وەڵام بداتەوە: «من وەک هاوڵاتیەک لە تەک ئێوەوە وەستاوەم بەڵام وەک فەیلەسوف تەنهام و تەرحی خوڵقاندن و دروستکردنی خود (Self - inronfion) دەگرمە بەر کە پێوەندی بەئێوەوە نییە. مەرج نییە من بنەما فەلسەفییەکان بۆ لەتەک ئێوە بوون لە مەسەلە گشتییەکان، بخەمەڕوو، چونکە خستنەڕووی فەلسەفەی من مەسەلەیەکی تایبەتە کە نە ئامادەکەری ئەنگیزەو نە ئامادەکەری ئاراستەکردنە بۆ کردە سیاسیەکانم».

ئاوەها وەڵامێک کەمتر سەرسامکەر دەبێ، ئەگەر وشەی (شاعیر) بخەینە جێ وشەی فەیلەسوف، لەبەرئەوەی فەیلەسوفان بەپێچەوانەی شاعیران، بەگوێرەی نەریت، (بنەمایەک) بۆ پەیمانە ئەخلاقیەکانی ئێمە لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا بخەنەڕوو،

ئەگەرەکە ئەوەیە کە ئەوانە دارای شتێکن کە فریزەر بە (دیدگای نۆرمالکردنی تەواو)[١٠] ناوزەدی کردووە، لەبەر ئەمەشە کە فەیلەسووفان بەپێچەوانەی شاعیران پێویستە (عەقلانی) بن و هەروەها عەقلانیەت بریتییە لە توانای خستنەڕووی «ئیعتباری گشتی و هەمەکی» هەڵوێستی خود. فۆکۆ هەروەک نیچە فەیلەسووفێکە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە خاوەنی پلەیەکی شاعیرییە، یەکێ لەو پلەیە گوتنی ئەم خاڵەیە کە «ئیعتباری گشتی و هەمەکی بەمن چی؟». من وای بۆ دەچم کە فەیلەسووفانیش وەک شاعیرانیش دەتوانن خاوەنی ئەم پلەیە بن و پێشم وایە کە ئەم وەڵامە تەوابێت. وێڕای ئەمە پێم وایە کە بایەخدان بەم خاڵە گرنگە کە مرۆڤ دەتوانێ پرسیاری بان میتافۆری بکا، بێ ئەوەی وەک نیچە سەروتر بچێ و بپرسێت «رەنجی هاوجۆرەکانم چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟» لەبەرئەوەی مرۆڤ دەتوانێ هێومانیزم بێت بێ ئەوەی گشتیخوازبێت، بەبێ ئەوەی بڕوا وابێت عاقڵانەیە کە مرۆڤ خەمخۆری ئازاری ئەوانی دیکە بێت، یان «مرۆڤێکی هاوبەش هەیە کە مرۆڤ بەوانی دیکەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤ دەتوانێ بیەوێت رەنجی ئەوانی دیکە کەم کاتەوە، بەبێ ئەوەی وەڵامێکی سەرنجڕاکێشی پرسیارەکەی سوکرات بداتەوە، دال لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەو شتەی دەیەوێت و هەروەها مرۆڤ دەتوانێ رەنجی ئەوانی دیکە مەرهەم بکات، بێ ئەوەی باوەڕی بەوە هەبێ کە ئەم ویستە قوڵترین و گرنگترین شتە لە ژیانیدا، پێم وایە فۆکۆ خۆی لەم هەڵوێستە ببینێتەوە. هەڵوێستێک کە من بەهەڵوێستی «شاسواری سەربەخۆیی و خودباوەڕی» وەسفم کردووە، واتە گشتیتر لەوەی کە ئەو دەیویست یان نەیدەویست هاوڵاتییەکی سودمەندی وڵاتێکی دیموکراتیک بوو، کەسێ کە سەرجەم تواناکانی خۆی بەکارهێنا تاوەکو دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە دادپەروەرانە ترو ماقوڵتر بکا. بڕیا بیتوانیبا پتر لەوەی کە لەواقعیەت هەستی پێدەکرد، ئاسانتر خۆی بگونجاندایە.

**پەراوێز سەرچاوەکان**

1- Have sketched such areading of foucault in my comsequeieces of ppragmatism, minneapolis university of mimnesota press 1982 p, 203-8.

2- De Combes reriew of David Hoy ed foucault: A critical Reader, London Review of Books 5 march 1987, pp, 3.

3- Les No welles, 28 june 1984, p. 37. Quoted by Dreyfas and Robinow in tneir= what is Maturity ? = inhoy.

4- This quotion comes from a 1971 interview with Atud itappears onp. 230 of the English translation of that in terview in language counter - Memoui practice: Selected Essays and lnteviews, ded Bcuchard, thaca, Ny: cornell University Press, 1977.

5- Hoy, pp.65.

Ibid.P.81.

6- Habermas, The philosophicqh Discourse of Modernity. P. 292.

7- Hoy, P.77.

(Ibid, P.99.

8- Seehabemas, The philosopisal Disourse of Modernty, P.284. Where he citeo Nancy Fraser posing this questian.

9- Hoy. P. 238.

10- Nancy Fresers, Facuault on modern Power: Empirical insights and normative confusious, peaxis International, no. 1981, p. 91. Far a thaughtful reply to Fraser, Habermos and Taylor on Faucault’s benalf, see chapter 4 of Devid R. Hiley, philosophy in uestion: Essays on a pyrrhonian theme, chicago: Unirersity of chicago Press, 1988.

**لەم سەرچاوەیە کراوە بەکوری**

فصلنامه فلسفی، ادبی، فرهنگی (ارغنون) شماره (١٦)، تابستان ١٣٧٩ .